له ئێمە نییە ئەو کەسەی: لە ڕوومەتی بدات، وکراسەکەی بدڕێت، ودەنگ وهاواری جاهیلیەتی -نەفامی- لێوە دەربچێت

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە ئێمە نییە ئەو کەسەی: لە ڕوومەتی بدات، وکراسەکەی بدڕێت، ودەنگ وهاواری جاهیلیەتی -نەفامی- لێوە دەربچێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە وهۆشداریداوە سەبارەت بە کردەوەکانی جاهیلیەت، فەرموویەتی: لە ئێمە نییە: یەکەم: ئەوەی لە ڕوومەتی دەدات، وبە تایبەت باسی ڕوومەتی کردووە چونکە زۆرێك لە خەڵکی لەکاتی ناخۆشیدا لەو شوێنەیان دەدەن، ئەگەرنا لێدان لە هەرشوێنێکی تری ڕوو؛ بەهەمان شێوە نەهی لێکراوە. دووەم: دڕینی جل وپوشاک؛ بەهۆی زۆری ناڕازی وتوڕەییەوە ئەم کارە دەکات. سێیەم: بانگکردن بە بانگەشەی خەڵکی جاهیلیەت وەکو نزای مردن وتیاچوون وشیوەن ولاواندنەوە وهتد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5380